# ڕۆب بۆ سەرما و سۆڵەی شەوانە



ساڵی (٢٠١٥) لە دیدی پسپۆڕانی جوانکاریدا، وەك وەرزێکی لاسایی کردنەوەی مۆدەکانی کلاسیك و دووبارەی شێوازەکانی ساڵانی حەفتاکانـــە، بـــە تایبەت لە مۆدی جلـــی ماڵـــەوەدا، ســـاڵانی حەفتاکان، زیاتر جلی تەسك و ڕەنگاوڕەنگ باو بوون، جگە لەوەی چەندین ســـاڵە بایەخێکـــی تەواو بە جلـــی ماڵەوە نـــەدراوە، دواجار لە ســـاڵی ٢٠١٥ پسپۆڕانی جوانکاری، هەر تەنیا جلی دەرەوەیـــان بە گرنگ نەزانـــی، بەڵکو جەختیان لەســـەر جوانـــی جلی ماڵەوەش کردەوە، دیارە گرنگترین جلیش لەو جلانەی کە لە ماڵدا دەپۆشـــرێن ڕۆبی ماڵە، ڕەنگە زۆربەی خانمان بە لەبەر کردنی قاتی بیجامە بێـــزار و نیگەران بن، چونکە خەوی شـــەوانە پێویســـتی بە جلێکی نەرم و نیانە، بە تایبەت لـــەم وەرزەی ســـاڵدا کە کەشـــوهەوا ناجێگیرە و ڕەنگە لە چەند چرکەیەدا ســـەرما و ســـۆڵە لە جەســـتەت بدات و نەخـــۆش بکەویت، دەکرێ لە دوای خۆشووشـــتن و بەر لـــە خەوتن، دەتوانی ڕۆبێکی نەرم لەبەر بکەیت، جوانی و سوودی ڕۆب لەوەدایە کە لەبەر کردن و لەبەرکردنەوەی ئاســـانە، هەوڵبدە ئەو ڕۆبانە لەبەر بکەیت کە کێشـــیان سووکە و قـــورس نین، لە بارەی ڕەنگیشـــەوە دەتوانی چەند ڕۆبێکی ڕەنگاورەنگت هەبن.

# ئەو خشڵ و ئێكسسوارانەی دوو ڕەنگ نەخشێندراوان


جاران لەلایەن پسپۆڕانی جوانكاری و ئێكسسوارەكان و خودی ئافرەتانیش بایەخی زیاتر بە شێوەی خشڵ و ئێكسسوارەكان دەدرا، بەڵام لە ئێستادا، لایەنێكی دیكەش لە جوانی خشڵ و ئێكسسوارەكان دەركەوتووە، لەم وەرزەدا تەنیا چەند ئێكسسوارێك دیار دەبن، ئەوانەی دیكە دەكەونە ژێر جل و ون دەبن، زیاتر ئێكسسواری گوارە و ملوانكە و تەوقەی پرچ بە دەرەوە دەبن، هەرچی بازن و ملوانكەیە ئەوەندە دەرناكەون، بۆیە دەبێ ئەو ئێكسسوارنە لە ڕەنگێك بن، كە لە دوور و نزیكدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ و بریقەداریش بن، پێشتر زۆربەی ئێكسسوارەكان یەك ڕەنگ بوون، بەڵام ئێستا چەندین ڕەنگ لە خشڵەكان بەكاردەهێنرێت تا ڕەنگاوڕەنگ بن و تەنیا لە ڕەنگێكی سادە نەبن، خانمانیش دەتوانن لە دوو ڕێگەدا ئێكسسواری هەمەڕەنگ هەڵبژێرن، یەكەمیان: دەتوانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دوو خشڵ كە هەر یەكە ڕەنگێك بێت، لەگەڵ یەكتریان بگونجێنن، ڕێگەی دووەمیش ئەو ئێكسسوارانە هەڵبژێرە كە بە دوو ڕەنگ نەخشێنراون، لە كاتێكدا پسپۆڕان لە ڕێگەی دووەمدا ئاماژە بۆ بەدەستهێنانی جوانی زیاتر دەكەن، ئەوەش بە هەڵبژاردنی ئەو ئێكسسوارانەی دوو ڕەنگ لە پێكهاتە و نەخشی خشڵەكەدا بەكارهێنراوە، بەتایبەت ڕەنگەكانی: ڕەساسی و زەرد، ڕەش و سپی، سوور و شین.



# لە هەڵبژاردنی كەرەستەكانی ماڵەكەت كارامە بە

با هەموو كەرەستەیەك لە دیكۆری ماڵەكەت، جێگەی بایەخ و گرنگیدانی خۆت و كەسانی نزیكت بن، تا دەتوانی شێواز و دیكۆری ماڵەكەت با ناوازە و شیاو بێت، بەتایبەت ئەو كەرەستە و كەلوپەلانەی ڕۆژانە بەكاریان دەهێنیت، لە كاتێكدا بەرەو وەرزی سەرما و سۆڵە دەچین، ئیدی شەوانەی ماڵەكەت سارد و سڕ دەبێ، پێویستت بە كەرەستەی گەرم كردنەوە و بەرگ و پۆشاكی باش دەبێ، ئەوەی دەمانەوێ ئاماژەی پێبدەین بەتانی و سەرچەفی خەوە، جگە لەوەی وەك كەرەستەیەكی گەرم كردنەوە و خۆ داپۆشین بەكاردێ، هەروەها بەشێكە لە جوانی دیكۆری ماڵەكەت، تەنانەت مۆدێكی جوانیشی دەبێ بە تایبەت لە ژووری نووستندا، پسپۆڕان ڕێنوێنی خانمان دەكەن بەوەی دەتوانن بە كەرەستەیەكی سادە، دیمەنێكی ناوازە لە دیكۆری ماڵەكە دروست بكەن، مەرج نییە كەرەستەكان لە كاڵای بە نرخ بن، بەڵكو گونجاندن و لێهاتوویی لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێوەی پۆشاكدا بەهرە و توانای كابانی ماڵ لە جوانی دیكۆرەكەدا دەردەخات، بە تایبەت لە كاتی هەڵبژاردنی بەتانی و سەرچەف و پێخەفی نووستن، دەكرێ هەوڵبدرێ ئەو پۆشاكانە لە ڕەنگی جۆراوجۆر بن، هەروەها مەرجیشە كە بەشێكی لە ڕەنگی سپی بێت، یان نەخش و شێوەی ڕەنگی سپی تێدا بێت، تا بزانرێت كە پیس بووە، با ئەو بەتانیانە لە قوماشی نەرم بن، بە تایبەت ئەگەر پەموو یان خووری بێت باشترە، خانمی بەڕێز ڕۆژانە ئەو پۆشاكانە ڕێك بخە و هەڵگێر و وەرگێریان بكە.





## درێژترین تەختە بەردە نووسراو لە کوردستانە

کوردستان، پڕە لە شوێنەوار کە مێژوویان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، بەهۆی پێگەی کوردستان کە لەو شوێنە جوگرافیەدایە، وایکردووە چەندین هۆز و نەتەوە لەسەر ئەو زەویە بژین، کارەکانیشیان تا ئێستاش دەدۆزرێنەوە، ئەوەی دەیبینن درێژترین و کۆنترین تەختە بەردینی نووسراوە لە کوردستان دۆزراوەتەوە و تا ئێستاش هەڵگیراوە، مێژووی ئەو تەختە بەردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان، کە ئەو کات پاشای ساسانی نەرسە حوکمڕانی ئەو سەردەمە بووە، دوای ئەوەی لەلایەن پاشاوە فەرمانی دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی پەیکۆڵی دەردەکرێ، کە مەزەندە دەکرێت لە ساڵانی نێوان (٢٩٣ – ٣٠٢) زایینی بووبێت، شوێنی مۆنۆمێنتەکە دەکەوێتە دۆڵێك لە ڕۆژئاوای ناوەڕاستی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە زیاتر بەرزاییەکانی باشووری شاخی قەرەداغ



## جل و بەرگ بۆ بەتریق دەدروێت

لە جیهاندا گرنگییەکی زۆر بە گیانداران دەدرێ، جگە لەو گیاندارە خۆماڵییانەی کە لەلایەن مرۆڤەوە خۆماڵی کراون، هەروەها یارمەتی و هاوکاری زۆربەی گیاندارانی کێویش دەدرێت، ئەوەتا ئەو پیاوە ئوستراڵییە، کە حەز و خولیای باڵندەی بەتریقە، تەمەنی (١٠٩) ساڵە و زۆربەی تەمەنی لە خزمەتکردنی ئەو باڵندەیە بەسەر بردووە، تەنانەت ڕۆژانەی ژیانیشی لەگەڵ بەتریقدا بەسەر دەبات، ئەو پیاوە ناوی (ئەلفرید دایت)ە، لە وڵاتی ئوستراڵیا دەژی، لە ساڵی (١٩٣٢)وە دەستی بە کاری چنین و دوورینی جلوبەرگ کردووە، لەو کاتەی کە بینی خوشکێکی خۆی جلێك بۆ کوڕەکەی دەدوورێت، ئەویش ئەو بیرۆکەیەی بۆ دێ، کە جلی جوان بۆ بەتریقە هاوڕێکانی بدوورێت و جوانیان بکات، بەم چەشنە ئەلفرێد، ڕۆژانە چەندین جلی بچووکی بۆ بەتریقەکان دروست دەکرد و ئەوەی نزیکی بووایەوە لەبەری دەکردن، ئەو دوورگەیەی ئەو پیاوە لەوێ جلی بۆ بەتریقەکان دروست دەکرد پێدەگوترێ (کەنداوی فیلیپ)، کە نزیکەی (٣٢٠٠) بەتریق لەو ناوچەیەدا دەژین، بە بۆچوونی ئەو پیاوە، چونکە بەتریقیش گیانی هەیە دەبێ وەك مرۆڤ جوان بکرێت و جلێکی لەبەربێ تا لە سەرما و سۆڵە بپارێزرێت.

لە شـــاری سلێمانی دەگرێتەوە و نزیکەی (١٠٠) کیلۆمەتر لە باشـــووری شاری سلێمانییەوە دوورە، دانانی ئەو مۆنۆمێنتە بۆ پێدانی متمانە و پەسندکردنی پاشای نەرسەی ساسانی بوو، تا ئەو شوێنە ببێتە ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان، دەقە نووسراوەکە هەشت چینی بەردەکانە و کە تێکرای هەمووی (٤٦) دێڕە، بە پێچەوانەوە دەقی ئەشکانی پێکدەهێنێت، کە لە (٤٣) دێڕە و لە (٧) چیندا داپۆشراوە، نزیکەی (١٠٦) بەردی نووسراو کە بۆ هەردوو زمانی پەهلەوی و ساسانی دەگەڕێتەوە، ئەم بەردانەی پەیکوڵی دەریدەخات کە سەردەمی ئەوکاتە دوو ریانێکی ڕێڕەوی ســـتراتیژی دڵی ئیمپراتۆرێکی مەزن بووە، هێمای نووسینەکان زۆر بە جوانی هەڵکەندراوە، تەنانەت وشەکان و بۆشایی نێوانیان بە ڕێکی و نەخشەوە نووسراون، بۆیە پێیدەگوترێت یادگارییەکی مەزن، چونکە خوێندنەوەی ئاسانە و سادەیە و ڕوونە.

## ناوازەترین کراسی بووک!



هەموو خانمێك حەز دەکات لە ڕۆژی زەماوەندا، کراسێکی لەبەر بێت، کە نایاب بێ لە جوانی و لە شێوەشـــدا ناوازە بێت، ئەوەش حەز و بیرۆکەی ئەو بەرگدرووە ئەمریکییەیە کە ناوی (گایل بیل)ـە، تا ئێستا کراسی بووکی لەمجۆرە لە کوردستاندا نەبووە، چونکە ئەو کراسە ناوازەیە و ماوەیەکی زۆری خایاندووە تا دروســـت کراوە و دوراوە، ســـەرەتای ســـاڵی (٢٠١٣) ئەو خانمە بە هاوکاری (٢١) بەرگدرووی دیکە دەســـتیان کردووە بە نەخش کردن و ئامادەکردنی کراســـەکە، دوای (٣) ســـاڵ کارکردنی بەردەوام، وا بڕیارە لەســـەرەتای ساڵی تازەوە نمایش بکرێت، درێژی کراســـەکە دەگاتــە نزیکەی (٥) مەتر و نیو، هەروەها نزیکەی (٩٤٢٠٠٠) پارچە شووشە و کریستاڵی تێدا بەکارهێنراوە، ئەوەی ســـەیرە کێشی ئەو کراسە دەگاتە (١٨٠) کیلۆگرام، کە هیچ خانمـــە بووکێك ناتوانێت لەبەری بکات و هەڵیبگرێت، بەڵکو دەبێ کۆمەڵێك کەس لە دوایەوە کراســـەکە هەڵبگرن، گایل دەڵێ: مەبەســـتمە ئەو کراســـە لە نمایشێکدا دابنرێت، ئـــەوەی نیازی وایە بیکرێت دەبێ پارەیەکی خەیاڵی بۆ ئامادە بکات، چونکە دڵم نایەت بیفرۆشم.



## دەبێتە دایکی بچووکترین (٣) جمک


دوای ئەوەی دووگیان دەبێ و لە چاوەڕێی کۆرپەیەکی دەبێت، بەڵام دوای چەندین پشـــکنین بۆی دەرکەوت کە سگەکەی زیاتر لە منداڵێکی هەڵگرتووە و لە دووانەش زیاترن، ئەو هەواڵە بەو ئافرەتە ئوستراڵییە درا کە ناوی (کلۆ دۆنستان)ی (٢٢) ساڵە، دوای ئەوەی پشکنینی وردی بۆ دەکرێ و پێیدەڵێن، کە تەندروستی منداڵەکانت ناجێگیرە و بۆیە دەبێ بە نەشـــتەرگەری منداڵی ببێ، لەو نەشـــتەرگەرییەش ڕەنگە یان خۆت گیان لە دەست بدەیت، یان منداڵەکانت دەرنەچن، ئەویش رازی بوو لەسەر گیانی خۆی بەخت بکات، لە پێناو مانەوەی منداڵەکانی، دوای نەشـــتەرگەرییەکی ورد، توانیان منداڵەکان رزگار بکەن، کە دوو کوڕ و کچێك بوو، ئەوەش لە دوو مانگ بەر لە وادەی منداڵبوونێکی ئاسایی ئەنجامـــدرا، لـــە ئەنجامدا خۆشی ســـەلامەت بوو، بـــەڵام منداڵەکانـــی بچووك بـــوون، بە تایبـــەت کچەکە کە تەنیا (٦٩٠) گرامـــە، واتە ئەوەنـــدەی کۆنترۆڵێکـــی تەلەفزیۆنـــە، کوڕەکانیـــش هـــەر یەکـــە لە کیلۆگرامێـــك زیاتـــر بـــوون، لـــە هەمووی سەیرتر منداڵە بچووکەکەیە کە ئەوەندە بچووکە لەناو دەستێکدا جێگەی دەبێتەوە.



# شەوێک لە ئوتێلی بەستەڵەک بخەوە

شـــەوانی پاییز و زستان، ســـەرما و سۆڵەی پێوە دیارە، هەموو حەز دەکەین جێگەیەکی گەرممان هەبێ، تا خەوێکی خۆشـــی تێدا بکەین، ئەی ئەگەر داوات لێبکەن شەوێك لەناو بەستەڵەك بەســـەر ببەی، ئاخۆ ئەو شـــەوە هەر خەو بە سەرما و سەهۆڵ دەبینیـــت، ئەوەیە چیرۆکی شـــەوێکی ئوتێلی بەســـتەڵەك کە بە(ئایس ئوتێل) ناســـراوە، ئـــەو ئوتێلە بەســـتەڵەکە دەکەوێتە ناوچەی (فیگۆکاســـگار)ی کەرتی بازنەیی جەمسەری باکووری وڵاتی سوید، کە سەراپای هەموو ڕۆژەکانی ساڵ، ئەو شوێنە بەستەڵەك و ســـەهۆڵە، بیرۆکەی دروســـتکردنی ئوتێلێکی لەمجـــۆرە، تەنیا لەم شـــوێنەوە دەبێ، کە پێکهاتووە لە (٣٠) هۆڵی نووستن و نمایشگایەکی وێنەکێشـــان و ریستورانت و کتێبخانە، ئەوەی سەیرە کە چوویتە ناو ئەو ئوتێلە دەبێ چەندین جلی زستانەت لەبەر بێت تا سەرمات نەبێ.





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

یارمەتیدانی کەسانی نزیکت ئەرکێکە لە سەرت، ناکرێ خۆتی لێ بە دوور بکەیت و بڵێیت کێشەی من نییە، چونکە ئەوان یارمەتی تۆیان داوە. هەستت بپارێزە و ماوەیەك چاوەڕێ بکە، تا لەگەڵ ئەو کەسە بە یەکجاری ئاشت دەبنەوە و دڵیشتان نەرم دەبێ، لە کارکەتدا گوێڕایەڵی و ئەوەش سەرکەوتووت دەکات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وا هەست دەکەی کەسێکی بەختت نییە و بێزاری، هۆکاری ئەوەش کاتییە و ماوەیەکی دیکە نامێنێت، بەڵام مەهێڵە کاریگەری بکاتە سەر کار و ژیانی ڕۆژانەت. بڕیارەکانت بە جوانی دەدەیت و بیرکردنەوەشت بۆ داهاتوو گونجاوە، تەنیا لەگەڵ کەسێکدا کێشەتان هەیە و هەوڵ بدەن چارەسەری بکەن.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەست کردن بە بەرپرسیاری شتێکی گونجاوە و تا دەتوانی ئەو ئەرکانەی سەر شانت باشتر جێبەجێ بکە. بڕوات بە خۆت هەبێ و کەسایەتیت بەرزە. کاتێك کێشەیەکت دەبێ بەسەر خۆتی مەهێنە و بە سادەیی بیری لێ بکەوە، ئاواتەکانت لە داهاتووی نزیکدا جێبەجێ دەبن، خۆت ڕەشبین مەکە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەکە هەر کارێك دەیکەیت پاشان پەشیمان دەبیتەوە، بەڵام تۆ کەسێکی ژیر و چاوکراوەی، لە هەستی کەسانی دیکە تێدەگەیت و پێویستە زیاتر بڕوات بە خۆت هەبێت. یارمەتی لە کەسانی دیکەوە وەربگرە و مەهێڵە کەسیش بەشداری کارە نهێنییەکانت بکات و تاوەکو لەلای خۆت پارێزراو بێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

رابردووت لەبیر بکە و داهاتووت پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاتر هەیە. هەوڵێك بدە تا لە ئاست کەسانی دیکەوە بەرزتر بیتەوە و خۆت مەهێنە ئاست کەسێك کە شیاوی تۆ نییە. بڕیاری جوان و شیاو دەدەیت، پێویست ناکات ئەوەندە دەمارگیر بیت، خۆت کەسێکی هێمن و لەسەرخۆی، گەشبین بە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەگەر لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەت هەست بە بێزاری دەکەیت، هەوڵبدە پەیوەندی پێوە بکەیتەوە و کێشەکانتان چارەسەر بکەن، ئەگەریش ئەو ئامادە نەبوو، بە یەکجاری فەرامۆشی بکە، چارەسەری کێشەی کەسانی دیکەت پێدەکرێ، بەڵام لە کێشەکانی خۆت چەقیوی، کەسێکی زیرەکی و بەختت نییە.

## تابلۆ



**- ئەفسانەی لاس، ئەراکنی**

بەرهەمێکـــی جوان و تابلۆیەکی هونەرمەند و وێنەکێشـــی ئیســـپانی (دییگۆ ڕۆدریگز دا ســـێلڤا فیلاسکیز)ە، کە ئەو تابلۆیەی لە دوا ســـاتەکانی ژیانی کێشـــاوە، کە بە یەکێك لە شاکارە هەرە نایابەکانی وێنەکێشانی ئەورووپی دادەنرێ، دییگۆ لە ســـاڵی (١٥٩٩) لە شاری سڤیلیای ئیسپانی لە دایکبووە، لە ســـاڵی (١٦٦٠) کۆچی دوایی کـــردووە، ئەو وێنەیەی لە ســـاڵی (١٦٥٧) کێشـــاوە، بە درێژی (١٦٥) ســـانتیمەتر و پانی (٢٥٢) ســـانتیمەترە، کە بە تابلـــۆی زەیتی دادەنرێ و ئێســـتاش ئەو تابلۆیە لە موزەخانـــەی نێودەوڵەتی دیل پرادۆ هەڵگیـــراوە، باس لە ئەفســـانەکانی لاس هیلاندیراس دەکات، وێنەکەش گوزارشـــت لە کچێك دەکات، کە ناوی ئەراکنییە و ئەویش بەهرەی وێنەکێشـــانی هەیە، هەروەها کۆمەڵێك ئافرەت لە وێنەکەدا دەردەکەون، هەر یەکە خەریکی کارێکن.




## پەند و وتە


**ئیدوارد گالیانۆ، دەربارەی ئەم ســـەردەمە و ژیانی ئێستا دەڵێت:**

گەیشـــتینە ســـەردەمێکی بـــێ مانا، کە سەردەمێکە، هیچ شتێك جێگەی بایەخپێدانی نەماوە و تەنانەت پێچەوانەش بۆتەوە، ئێســـتا هاوسەرگیری بۆ بەرژەوەندی و لە خۆشەویستی گرنگترە، ڕێوڕەســـمی ناشـــتنی مردووەکان، گرنگترە لە کەســـایەتی مرۆڤەکان، جلوبەرگ گرنگترە لە جەســـتە، شـــێوە و ئاکار گرنگترە لە ڕووخسار.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لەوە دەکرێت، کە هەندێ کەس ماندووی دەست و بەربوومی خۆیان و کەسانی دیکەش بە ئاسانی بەرهەمی ئەو کەسانە دەبەن و دەیخۆن.







## کیڤنی هۆم ئەلۆن بناسە

هەموومان ئەگەر هەردوو بەشی فیلمی (بە تەنیا لە ماڵدا – Home alone)مان نەدیبێت، بێگومان بەشێکی ئەو فیلمەمان بینیوە، کە تیایدا کوڕە منداڵێکی چاوشین و جوان، بەزمێك دەداتە ئەو دوو دزەی نیازیان وایە دزی لە ماڵەکەیاندا بکەن، زۆربەی ئەوانەی سەیری ئەو فیلمەیان کردووە، یان لەبەر فیڵە سەیرەکانی ئەو کوڕە، یان بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشی ئەو ئەکتەرە بچووکەیە، پێشتر دەمانگوت ئاخۆ ئەگەر ئەو منداڵە گەورە بێت، چ گەنجێکی جوانی لێدەردەچێ، کەچی ئەو قسەیە پێچەوانە دەرکەوت، چونکە ئەو کوڕە ئێستا گەنجێکی (٣٥) ساڵانەو شێوە و ڕووخساری بەم چەشنە نییە کە پێشبینی دەکرا، ئەو ئەکتەرە لە فیلمەکەدا ناوی (کێڤن)ە و ناوی ڕاستەقینەشی (ماکوالی کارسۆن کۆڵکن)ە، لە دایکبووی (١٩٨٠)ی شاری نیویۆرك سیتی ئەمریکییە، ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە، پێشبینی دەکرا کۆچی دوایی بکات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پێویستە یارمەتی کەسانی دەوروبەرت بدەیت، بە تایبەت ئەو کەسەی لەلات خۆشەویستە و بە دڵتە، هەندێ جار دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە، بەڵام دواجار متمانەی پێت نییە، بۆیە پاشگەز دەبێتەوە. هەوڵی نزیك بوونەوەی بدە و متمانەی بۆ دروست بکە. کەسێکی سەرکەوتوویت و ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ماوەیەکە کارەکانت فەرامۆش دەکەیت و زۆربەیان دوا دەخەیت، هەر بۆیە ناگەیتە ئەنجامەکانی کۆتایی، تەنانەت زۆر جار هەوڵ دەدەیت و شتێکی وات بۆ نابێت، هەست بە ئازاری کەسانی دیکە دەکەیت، بەڵام ئەگەر ناتوانی یارمەتییان بدەیت، خۆ دەتوانی بە قسە دڵیان بدەیتەوە. کاتێکی خۆش بەڕێوەیە بۆت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کێشەت لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت، بەردەوام وات لێدەکات کە هەست بە بێزاری بکەیت، سەردانی بکە و هەرچی لە دڵتە بۆی باس بکە، با ئەویش لێت تێبگات. ئەو کارەی رابردوو بەرامبەر ئەو کەسە کردت شیاو نەبوو، داهاتووت فەرامۆش مەکە و بزانە بیرکردنەوەی گونجاوی پێویستە و دەبێت هەوڵی بۆ بدەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ماوەیەکە هاوسۆزیت لەگەڵ کەسێکدا قوناغێکی باشی بڕیوە، مەهێڵە کەسانی دیکە دەست لە نهێنییەکان و کارەکانی نێوانتان بدەن، هەوڵەکانت بۆ داهاتووت گونجاوە و زیاتر پەرەی پێی بدە، بیر لە کەسێك مەکەوە کە ئەو ئاگاداری تۆ نییە و هەستت پێناکات، بڕیاری داهاتووت قورس دەبێ و بوێربە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەر کارێك دەکەیت سەرەتا بیری لێ بکەرەوە و تا پێشبینی زۆربەی ئەنجامەکانی بکەیت، کەسانی نزیکت فەرامۆش مەکە و نزیکت بوونەوەت لەگەڵیان زیاتر دڵخۆشت دەکات و بڕیاری درووست و ڕاپەڕاندنی کارەکانت بە جوانی، زیاتر سەرکەوتووت دەکات، واز لە بیرکردنەوە لە رابردوو بێنە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


وا هەست دەکەیت لە ئاوات و خەونەکانت دواکەوتووی و کێشەکانت بە ئاسانی چارەسەر نابن، بەڵام واز لەو بڕوایە بێنە و هەوڵی دووبارە ڕاپەڕاندنی کارەکان و چاککردنی باری دەروونیت بدە. ماوەیەکە گرنگی بە ژیانت نادەیت و خۆت فەرامۆش کردووە، لەگەڵ کەسێکدا دڵت خۆشە و بەردەوام بە لەگەڵی.

## مانـــــای خـــــەون



**لێدان**

گەلێ جار لە خەودا لەگەڵ کەسێك دەمەقاڵێتانە و دواتر دەبێتە شەڕ و پێکدادان، لێدان لە خەودا بە مانای کاری خراپە و قسە و قسەلۆك دێ، ئەگەر لە خەودا کەسێك لە تۆی دا بەبێ هیچ هۆکارێك یان نەزانی بۆچی لێت دەدات، مانای ئەوەیە ئەو کەسە بە خراپە باست دەکات و نهێنییەکانت دەدرکێنێت، ئەگەر تۆ لە کەسێکتدا، مانای ئەوەیە کە رق و کینەت بەرامبەر ئەو کەسە هەیە، یان لە شوێنێکدا بە خراپە ناوت هێناوە، ئەگەر لە خەودا بەیەکەوە لەگەڵ کەسێك هاوەڵی یەکتر بوون و شەڕتان دەکرد، مانای ئەوەیە کە تۆ و ئەو کەسە لەگەڵ یەکتردا کۆکن و نێوانتان باشە، ئەگەر لە خەودا لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا بوون، لە کەسانێکی دیکەتاندا، مانای ئەوەیە کێشە و گرفتتان لەگەڵ کەسانی دیك هەیە، لە کوردەواری خۆشمان دەگوترێ: ئەگەر لە خەودا لە کەسێك بدەیت، مانای ئەوەیە ئەو کەسەت خۆشدەوێ و بە دڵتە، یان تەمەنی هەردووکتان درێژ دەبێت.



## نوکتە

یەکێك لە ڕێگادا دەڕۆیشت، لە ناکاو پێی لەسەر پەلکە مۆزێك خلیسکا و بەربوویەوە، پاشان هەندێکی دیکە ڕۆیشت و پەلکە مۆزێکی دیکەی بینی، لەبەر خۆیەوە گوتی: توخوا تاقەتت هەبێ دیسان بەربیتەوە !